د . کەمال مەزهەر

پێشکەشە بە « یەکیەتی نووسەرانی کورد »

ئەدیب و ئەرکەکانی قۆناغ لەبەر رۆشنایی تاقیکردنەوەکانی ئەورووپای رۆژگاری «رێنیسانس»دا

- بەشی دووەم -

سەرەتا :

لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا باسی باری ژیانی ئەورووپاو کێشەکانیمان لە کۆتایی سەدە ناوەنجییەکاندا کرد ، لەوێدا دیمان چۆن رژێمی دەرەبەگی بەگشتیو کڵێسەو پیاوەکانی بەتایبەتی بووبوونە بارێکی یەکجار قورس بەسەر شانی کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتانی ئەورووپاوە ، بێ لابردنی ئەو کۆسپە رەورەوەی مێژووی ئەو پارچە گرنگەی جیهان بە هیچ جۆر نەیدەتوانی بەرەوپێش بڕوات . بەشێکی زۆر لە ئەرکی تەختکردنی قۆرتە گەورەکانی ئەو قۆناغە کەوتە ئەستۆی پێشەنگی دەستەی ڕووناکبیری ئەوسای ئەورووپاوە . وەك گوتمان یەکەم ئەدیبی لێهاتوو کە ئەو ئەرکە پیرۆزەی گرتە ئەستۆ دانتی ئەلیجیری بوو . زۆری نەبرد دوو ناوداری تری دیسان فلۆرەنسەی ئیتالیا هاتنە ئەو کۆڕەوە کە دانتی یەکەم ئاڵای سەرفرازیی نوێی تێدا هەڵکرد ، یەکەمیان پێتراركو دووەمیان بۆکاشیۆ بوو .

فرانچێسکۆ پێترارك :

با جەنگەواریی جارانمان زیندوو بکەینەوە !

- پێترارك -

شوێنی پێترارك لە ژیانی ڕووناکبیریی ئەورووپای کۆتایی سەدە ناوەنجییەکاندا هێند دیارو گەورەیە وای لە زۆر مێژوونووس کردووە نازناوی « باوکی ڕێنیسانس »ی بۆ هەڵبژێرن . گەر پێترارك دروست لە ئەرکەکانی قۆناغ

تێنەگەیشتایەو دڵسۆزانە بەدوای دەرمانی نەخۆشی‌یەکانیدا نەگەڕایە هەڵبەت شیلوی ئەو شوێن‌و پایە بەرزە نەدەبوو .

ڕۆژی 20ی مانگی تەمموزی ساڵی 1304 فرانچێسکو پێترارك (Fronceso Petraca) لەناو خێزانێکی بازرگانی فلۆرەنسەیدا چاوی هەڵهێنا . وەك کاتی خۆی گوتمان بازرگانەکانی ئەوسای ئیتالیا لە هەموان زیاتر دژی ڕژێمی دەرەبەگی‌و عەودالی لەناوبردنی کۆت‌و زنجیری ژەنگاویی سەدە ناونجی‌یەکان بوون ، بۆیەکا باوو باپیرو کەس‌و کاری پێترارك بە دەستووری دانتێ سەر بە پارتی سپی‌یان بوون . ئەوانیش لەگەڵ دانتێ بەرلەوەی پێترارك بۆخۆی لەدایك‌ببێت لە فلۆرەنسە دوورخرانەوە(1) . کەوابێ هەر لە کۆرپەیی‌یەوە پێترارك بووە یەکێك لە قوربانی‌یەکانی کۆن‌و کۆنەپەرستان ، ئەوەی زۆر زوو لە هەست‌و نەستیا ڕەنگی دایەوە .

لە تەمەنی دوازدە ساڵی‌یەوە پێترارك کەوتە خوێندنی یاساو ئایین‌و ساڵی 1326 بووە فەرمانبەری کلێسە . لە هەرەتی لاویدا بە شارانی ئیتالیاو وڵاتانی ئەوروپادا گەڕا . پێترارك زۆر لەنزیکەوە تێکەڵی خەڵکی ساکار دەبوو ، جاری‌وا هەبوو بەرگی جووتیاری دەپۆشی‌و وەك فەلاحان دەچووە کێلگەو ڕاوی لەگەڵ دەکردن ، پێترارك بەشی زۆری ژیانی لە شاری ئەڤینیۆن بردەسەر کە ئەوساکە پایتەختی پاپاو مەڵبەندی گەورە پیاوانی کلێسە بوو(2) . هەمیشە عاشقی بەرزیی ژیان‌و جوانیی سروشت بوو ، هەردووکیشیان لەگەڵ خۆی بەخشندە بوون ــ باڵابەرزو چاوگەش‌و خوێن‌گەرم ، زیرەك‌و جوست‌و نموونەی وریایی بوو . کەم هەبوون بەرادەی پێترارك لە ئاوازی سات‌و سەمتوورو زیل‌و بەم تێبگەن ، بۆ خۆیشی ، وەك دانتێ ، لە هەندێکیاندا وەستابوو .

خوێندن‌و کارو جۆری ژیان‌و گەشتەکانی فرانچێسکو پێترارك بۆی‌بوونە سەرچاوەی ڕەسەنی تێگەیشتنی لایەنی جیاوازی ژیانی گەل‌و نیشتمان . هەر زوو بیری وردی پاڵی پێوە نا بکەوێتە بەراوردێکی بەجێ‌و ڕەوا لەنێوانی ڕابوردووی ئیتالیاو ڕۆژانی سەردەمی خۆیدا ، گەر بەر لە پەیدابوونی دەسەڵاتی فراوانی سەردارانی کلێسە ئیتالیا یەکگرتوو ، پێشکەوتوو ، دەنگی زوڵاڵ بووبێت ، ئەوا دیارە دەبێت لادانێکی گەورە بووبێتە کۆسپ‌و هۆی مەینەتی‌و دواکەوتنی گەل‌و نیشتمان . ئەو بۆچوونە هەستی سۆراخی ڕابوردووی لە ناخی دەروون‌و مێشکی پێتراركدا هەڵکەند . ئەوساوە پێترارك دەستی‌دایە کۆکردنەوەو لێکدانەوەی پاشماوە دێرینەکانی نیشتمان ، بەتایبەتی دەستنووسی کۆن کە کون‌و کەلەبەری ئیتالیاو ئەستەموول‌و دەوروبەریانی بۆ تەی‌کرد . بۆ خۆی نزیکەی 300 دەستنووسی دانسقەی کۆکردەوە کە هی‌وایان تێدابوو کەس بە بوونی نەدەزانی . هەر دەستنووسێکیشی بۆ نەکردرایە یەکسەر ڕوونووسی دەکرد . بەوجۆرە پێترارك کتێبخانەیەکی پێکەوە نا کە ئەوساکە لە سەرانسەری ئەوروپادا لە وێنەی نەبوو(3) .

فرانچێسکو پێترارك زۆربەی ژیانی بۆ لێکدانەوەی ئەو دەستنووسانە تەرخان‌کردو هەر لەبەرئەوەش لاتینی‌یەکی عەنتیکە فێربوو ، بە یۆنانیشەوە خۆی خەریك‌کرد تاوەکو بتوانێت یەکسەر لە ناوەرۆکی بەرهەمی فەلسەفی‌و ڕووناکبیریی گریکیی کۆن تێبگات(4) .

پێوەلکانی بێ‌ئەندازەی پێترارك بە ڕابوردووەوە کارێکی وای کرد ئەو لە دانتێ زیاتر بایەخ بە زمانی لاتینی بدات‌و زۆرتری پێ بنووسێت چونکە دەیویست ، خۆی‌وتەنی ، هەموو نووسەرانی ئەورووپا لە بەرهەمەکانی تێبگەن(5) . بەڵام ئەو بەرهەمانەشی کە بە زمانی زگماکی خۆی نووسیونی زۆرن‌و دەوریان لە دارشتنی ئیتالیایی نوێدا کەم نی‌یە . لە هەردووکیشیاندا ، وەك دانتێ ، مرۆڤی هلوچەرخ‌و نیشتمانی مەبەست بوو . پێترارك یەکەم کەس بوو وشەی مرۆڤایەتیی(6) لە ڕۆمانەکانەوە وەرگرت‌و جێگەی دیارو شیاوی لە نووسینەکانیدا بۆ تەرخان‌کرد . مەبەستی بەردوای پێترارك لەوەدا قوتارکردنی مرۆڤ‌و بەر لە هەر شت بیری مرۆڤ بوو لە بەندو ئەسارەتی سەدە ناونجی‌یەکان ، چونکە باش دەیزانی بێ کارێکی ئەوتۆ سەرفرازیی نیشتمان خەوی بێ‌ئەنجامە، لەوەدا پێترارك مەبەستێکی گەورەی تریشی هەبوو، بە دەستووری دانتێ ، ئەو جۆری مرۆڤ نەك وەجاغی مەبەست بوو . وەجاغزادەی ڕەسەن لای پێترارك ئەو کەسەیە کە بۆ کارو پیشەو بیرو گەل‌و نیشتمانی خۆی دڵسۆزە .

فرانچێسکو پێترارکیش ، وەك دانتێ ، خۆشەویستیی تێکەڵ بە شیعرەکانی کردو جارێکی‌تر سەلماندی کە ئەدیب دەبێت دووی کڵاوی بابردوو نەکەوێت بەڵکو ئاوازی خۆش بۆ ژیان بڵێت . هەر لەبەرئەوەش شیعرەکانی پێترارك کە بە ناوەرۆك‌و بە ڕوخسار ڕازاوەو دەوڵەمەندن یەکسەر کەوتنە سەر زاران ، هەموان بەپەرۆشەوە دەیانقۆستەوە ، دیسان هەر لەبەرئەوەشە کە شیعرەکانی پێترارك تا ئیمڕۆکەش زیندوون ، هەرچەندە تەمەنیان خەریکە لە 600 ساڵ تێپەڕ دەکات .

پێترارك گیرۆدەی خۆشەویستیی شۆخێکی مێرددار بە ناوی لۆرا (لاورا)وە بوو . لە تەمەنی بیست‌و سێ ساڵیدا لۆرا لە کلێسەیەکی ئەڤینیۆن لە تەلی دڵی پێترارکی دا ، بەڵام تا دوا هەناسەی ژیانی ناونیشانی نەدا بەدەستەوە نەبا ،

خوانەکەردە ، ناوی بزرێ ، یادی لە سینەی خۆیدا پاراستو نەمری لە شیعرەکانیدا بۆنووسی بێئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان توخنی بکەوێت . لەوەدا پێترارکی مرۆڤ وەك پێترارکی هونەرمەندو وەك شیعرەکانی بەرز بوو . پێترارك دەربارەی خۆشەویستیی لۆرا نووسیویە دەڵێت :

« سەعات یەکی ڕۆژی شەشی نیسانی سالی 1327 بۆ یەکەمجار لە کلێسەی سانتا کلارای شاری ئەڤینیۆن چاوم بە لۆرا کەوت کە لە گۆرانیکانمدا دەنگی دایەوە . سالی 1348یش هەر لەو شارەو هەر لەو مانگەو ڕۆژو سەعاتەدا ئەو خۆرە لە ژیانمدا ئاوابوو »(7) .

پێترارك وەستایانە ناوی لۆرای لە شیعرەکانیدا بەکاردەهێنا، کەلکی لەوە وەردەگرت کە لۆرا واتای ئەو گەلا دەگەنە دەبەخشێت کە ڕۆمانەکان کاتی خۆی تاجەگولینەی سەرکەوتنیان پێ دەچنیو کە پاشان دانیشتوانی ئیتالیا وەك نیشانەی قەدرو ڕێز یەکێکیان لێ نایە سەر سەری خۆی . پێترارك ئەو مانا بەرزەی بۆ خۆشەویستێکی ڕەسەنیتری تەرخانکرد ــ نیشتمان !.

خۆشەویستیی نیشتمان لای فرانچێسکۆ پێترارك بێسنوورو بێئەندازە بوو ، ئەوەش دیارە ، لە تێکەیشتنی بێلادانی ئەرکەکانی قۆناغەوە هاتبوو . هەر لەو قوژبنەشەوە سەیری مێژووی سەردەمی ڕۆمانەکانی دەکردو ئەو هەموو بایەخەی بە ڕابردوو دەدا ، دەیویست لەوڕێکەیەوە بە وردی لە هۆکانی هێزو دەسەلاتی ئەوسای نیشتمان تێبگات . کەم شت وەك دابەشبوونو پارچە پارچەیی ئیتالیا هەناوی دەهەژاند ، پێترارك چاوی بەرایی نەدەهات ڕۆمای کاولو دواکەوتوو ببینێت ، کوژراوی ئەوە بوو ڕۆما بگەڕێتەوە دۆخەکەی جارانی، بگەڕێتەوە ئەو ڕۆژگارەی لە سەرتاپای جیهاندا شارێك نەبوو شان بدات لە شانی ، دەیویست ئەو سەردەمە بێنێتەوە یادی هاوچەرخانی کە نیشتمان تێیدا نە سوخرەکێشی ئەم نە گرۆدەی دەستی ئەویان بوو ، لەپێناوی بووژاندنەوەی ڕۆمای خۆشەویستیدا پێترارك تەنانەت پاپاکانی هاندەدا لە ئەڤینیۆنەوە بگەڕێنەوە ئیتالیا ، بە وشەی نازدارو هەلبژاردە لە تەلی هەستی هەموانی دەدا :

« ئاخۆ کێ بێت گومانی هەبێت
کەی ڕۆما هۆشی وەبەرخۆیدا هاتەوە ،
جەنگاوەری یەکەی جارانمان دەژێتەوە ؟»(8)

■ ✽ ■

« ئەی خوێنی لاتینی بەرێز هەلچۆ(9)
کۆتو زنجیری ئەستۆت بخەرە ژێر پێتەوە ! »(10)

ئا بەوجۆرە پێترارك هاونیشتمانیانی دەبزواند ، بە چرای پرشنگداری وشە ڕێکەی ڕاستی نیشاندەدان . دیارە دەبوو دووربینێکی وەك پێترارك بە هەستو بە گیانو بە قەلەم لەگەل هەموو دیاردەو بزووتنەوەو ڕووداوێکدا بوایە کە ترووسکەی هیوای بۆ گەلو نیشتمان الێ بەدیبکرایە . الەبەرئەوە زۆر بەگەرمی پشتی ئەو ڕاپەڕینەی گرت کە بەهاری سالی 1347 چەوساوانی ڕۆما دژی دەرەبەگەکانی بەرپایانکردو ئالای کۆماریان بە سەرکردایەتی کۆلا دی ڕێنزۆ(11) تیا هەلکرد . پێترارك بۆخۆی هاوڕێی کۆلادی ڕێنزۆ بوو ، پێکەوە چەند سالێکیان لە شاری ئەڤینیۆن بردەسەرو کاری زۆری کردە سەر ڕێبازی ژیانو جۆری بیرکردنەوەی . لە « گیانی بەرز »دا کە یەکێکە لە شاکارە نەمرەکانی ، پێترارك بەپەرۆشەوە کۆلا دی ڕێنزۆی هاوڕێی بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان هاندەدا(12) .

بە هەمان دەستوور فرانچێسکۆ پێترارك ڕووی دەمی دەکردە هەموان ، بەشی زۆری شیعرەکانی نامەن بۆ پاپاو میرو پاشاو نووسەرە مردووەکان ، دەیویست لە چاکەو خراپەیان وێنەی ڕێکەی ڕاست بۆ نەوەی هاوچەرخو دوارۆژی ئیتالیا بکێشێت . هەر لەبەرئەوەش بەشێکیتری شیعرەکانی نامەن بۆ نەوەی داهاتوو ، بۆئەوانەی هێشتا لەدایك نەبوون . لە شاکاری « ئیتالیای نیشتمانم »و « نامە بۆ نەوەی داهاتوو »(13)و « ئەفەریقا »(14)و بەرهەمی تریدا ، کە بەداخەوە بەشێکیان فەوتاون ، لەوجۆرە نامانەی پێترارك بەدیدەکرێن .

پێترارکیش ، هەرچەندە وەك دانتێ ئیماندار بوو ، لە بەشێك لە نامەکانیدا زۆر بەتوندی ڕەخنەی الە کلێسەو ڕەفتاری ناهەمواری سەردارانی گرتووە . لەبەرئەوەی پێترارك لە کلێسە خوێندبووی و ماوەیەك فەرمانبەری دەزگایەکی ئایینی بوو و بەشی زۆری ژیانی لە ئەڤینیۆنی پایتەختی ئەوسای پاپاو کاردینالەکان بردبووە سەر ، لەبەر ئەوانە زۆر چاك ئاگاداری بەدفەڕیی کاربەدەستانی کلێسە بوو. نەشتەری ڕەخنەی نامەکانی هێند لێیان تیژ بوو تا مردن زاتی نەکرد بەشێکیان بلاوبکاتەوە . « نامە بێناونیشانەکان » ناونیشانی ئەو شیعرانەی پێترارکە کە کلێسەو پاپاو قەشەو ڕەبەنە بەرەلاکانی پێ ڕیسوا کردوون .

لەگەل ئەو هەموو بۆچوونە وردانەیدا پێترارکیش ، بە

دەستووری دانتێ ، نەیتوانی بەتەواوەتی خۆی لە کۆتی کۆن رزگار بکات . بۆیەکا ئەمیش وەك ئەو، کەوتە چەند هەڵەیەکەوە، ڕاستە پێترارك لە بەرهەمەکانیدا لە ژیانی سەرزەمین دوورنەکەوتەوە ، یەکسەر دەدوا ، بێ سڵ کردنەوە کەڵکی لە بەرهەمی شاعیرە بتپەرستەکانی وەك ڤێرجێل وەردەگرت(15)، بەڵام لە هەڵبژاردنی ئەمرازی گۆڕیندا چاك نیشانی نەپێکا .

لەبەرئەوەی ئەو هێزانەی ئەو پەنای بۆ دەبردن لە ژیانی خۆیدا هیچیان بۆ هەڵنەسوڕا ، ئەویش پەلەی بوو ، باش لە تەمەنی درێژی مێژوو و هێزە بزوێنەکانی تێنەدەگەیشت ، لەبەرئەوە بێهوودە لە دواساڵانی تەمەنیدا ڕووی کردە ئیمپراتۆریی پیرۆزی ڕۆمانی(16) ، دەیویست بەزۆر گیانی بکاتەوە بەبەرداو لەو ڕێگەیەوە بنیاتی ڕزگاریی نیشتمانو ئازادیی گەل بنێت ، بەر لە کۆچی دوایشی لە ژمارەیەك لە بیرە وردەکانی زووی دەربارەی ژیان پاشگەز بۆوەو بەرهەمێکی بەناوی « تەحقیری ژیان »ەوە(17) بڵاوکردەوە . هەر بەوهۆیەشەوە پێترارك دواڕۆژانی ژیانی بە گۆشەگیری بردەسەر . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ڕۆژی نۆزدەی تەمموزی ساڵی 1347 لە ئارکوای نزیك پادواوە چاوی ئێكنا ، نیشتمانو گەلی لەیادنەکرد .

فرانچێسکۆ پێترارك ، بێگومان ، شایانی ئەوەبوو یەکەر جێگەی ڕەوا لە قووڵایی دڵسۆزاندا بۆ خۆی بکاتەوە . نازناوی میری شاعیرانو ڤێرجێلی نوێی پێ ڕەوا بوو . لە ڕۆژانی ژیانی خۆیەوە بە دەیان ئەدیبی ئیتالی لە دەوری بەرهەمە نازدارەکانی کۆبوونەوەو نوێکاریی لێوە فێردەبوون ، لە نووسینو خوێندنەوەدا لاساییان دەکردەوە ، بەڕادەیەك « پێترارکیزم » بووە زاراوێکی بڵاوی ناو کۆڕە ئەدەبییەکانی ئەوسای ئیتالیا ، بۆکاشیۆی ناودار یەکێك لە شاگردو هاوڕێ نزیکەکانی پێترارك بوو کە تەنانەت بە شێوەش تا ڕادەیەك وێکدەچوون(18) .

جیۆڤانی بۆکاشیۆو هەزارو پەلاشەوەی ئەوروپا :

هەژاری لە سامان بێبەریمان دەکات ، بەڵام ناتوانێت دەست بۆ ئابروومان ببات !

ـ بۆکاشیۆ ـ

شارەزایان بۆکاشیۆ بە سێیەمین پێشەنگی کاروانی ڕووناکبیرانی ڕۆژگاری ڕێنیسانس دادەنێن ، لەبەرئەوە شوێنی ئەویش لە تۆماری ئەمرانی مێژوودا دیارو پرشنگدارە .

ساڵی 1313 جیۆڤانی بۆکاشیۆ (J. Boccaccio) لە پاریس لە باوکێکی بازرگانی ناسراوی فلۆرەنسەییو دایکێکی نەناسراوی فەرەنسەیی لەدایکبوو(19) . هەر بە منداڵی باوکی هێنایەوە ئیتالیاو چەند ساڵێکی ناخۆشی لەگەڵ باوەژنی لە شارێکی نزیك فلۆرەنسەدا بردەسەر . لە تەمەنی دە ساڵیدا باوکی ناردییە شاری ناپۆلی بەو نیازەی وەك خۆی ڕێگەی بازرگانی بگرێتە بەر ، بەڵام بۆکاشیۆ لەوساوە ئارەزووی خوێندنەوەو دانانی شیعر دای لە کەلەی ، شیعری بە خۆراکی هەژار دادەنا . بۆکاشیۆ تەنانەت مەیلی نەدایە خوێندنی یاساو ئایینیش کە حەزی دووەمی باوکی بوون . لە هەرەتی لاوییەوە بۆکاشیۆ تێکەڵ بە دەستەی ڕووناکبیری ناپۆلی بوو کە ئەویش ئەوسا ، وەك فلۆرەنسە ، یەکێك بوو لە شارە پێشکەوتووەکانی ئیتالیا . وادیارە سەرەتای خوێندنەوەی قووڵی بۆکاشیۆ بە بەرهەمی دانتێو پێترارك دەستی پێ کردووە .

هەر زوو ، لە تەمەنی هەژدە ساڵییەوە جیۆڤانی بۆکاشیۆ تووشی داوی خۆشەویستی بوو ، ئەویش ، وەك پێترارك لە کڵێسەیەکی شار بە تیری عەشقی ماریای زۆڵە کچی پاشای ناپۆلی گرفتار بوو(20) . ماریا لە ژیانو هونەری بۆکاشیۆدا دەوری پاتریسی دانتێو لۆرای پێترارکی بینیو ناوی لای ئەو بووە فیامێتا (Fiammetta) واتە ئاگرۆك یا پشکۆ(21). هەموو ڕۆمانە زووەکانی بۆکاشیۆ بۆ باسی خۆشەویستیی فیامێتا تەرخان کراون ، وەك ڕۆمانی فیلۆکۆلۆ کە ساڵی 1338 دەستیپێکردو دوایی تەواوی کرد . لەو بەرهەمانەیدا کە بە زمانی نەتەوەییو زاراوی تۆسکانی دایڕشتوون ، بۆکاشیۆ کۆنو نوێی تێکەڵ کردووەو گەلێك سامانی ڕۆشنبیریی ڕۆژگاری خۆیی بەر لە خۆی پاراستووەو چرای بۆ پەخشانی نوێ هەڵکردووە . ئەمەی دوایییان بۆ ئەو سەردەمەی هەموان، بە شوانو گاوانەوە ، تیا بووبوونە شاعیر بایەخی بۆ پێشخستنی ڕەوڕەوەی ئەدەب یەکجار زۆر بوو .

ساڵی 1340 ، واتە لە تەمەنی 27 ساڵیدا جیۆڤانی بۆکاشیۆ گەڕایەوە شاری فلۆرەنسە لە کاتێکدا کە هێزە پێشکەوتووەکانی دەسەڵاتیان گرتبووە دەست ، دانیشتوانی شار زۆر بەگەرمی پێشوازییان کردو وەك نیشانەی خۆشەویستیو ڕێز تاجەگوڵینەی سەرکەوتنیان نایە سەری ، فەرمانڕەوایانی فلۆرەنسەش دەرگەی کاری گەورەیان بۆ خستە سەر پشت ، بەوجۆرە ژیانێکی لەبارتر بۆ بۆکاشیۆ گونجاو دەریای بیری لە جاران زیاتر خرۆشا . لە فلۆرەنسە ڕۆمانی فیلۆکۆلۆی تەواوکردو ژمارەیەك ڕۆمانیتری دانا کە یەکێکیانی ناونا « فیامێتا »و ساڵی 1345 لە نووسینی بۆوە ، پاش پێنج ساڵ ، واتە دەوروبەری ساڵی 1350 دەستیکردە دانانی

اکاری « دیکامیرۆن » که سێ ساڵی ڕەبەقی پێوه خەریك بوو. دیکامیرۆن » بۆکاشیۆی گەیانده لوتکه .

ئەو ساڵانەی بۆکاشیۆ بـــه دانانی « دیکامیرۆن »ەوه ریك‌بوو ڕشانەوه زۆربەی وڵاتانی ئەورووپای گرتبۆوه(22). رەنـــه یەکێك بوو لەو شارانەی ڕشانەوەی ســاڵی 1348 یخستە ناو دانیشتوانیانەوه(23) . ســـەرچاوەکانی ئەو مردمه دەڵێن لە ماوەی تەنها شەش مانگی یەکەمدا سێ دەر جی خەڵکی فلۆرەنسه بەو دەردە مردن ، بۆکاشیۆ ژمارەی مردوانەی به 96 هەزار کەس داناوه ، کـــه واپێ‌دەچێ یتاش یەکێکیان بووبێت ، خانوبەرەو شەقامەکانی شار به ەی مردوو داپۆشرابوون ، باوکێك نووسیوی‌یه چۆن بـه ستی خۆی پێنج له منداڵەکانی لە چاڵێکدا ناشتووه .

لەو ڕۆژه ستەمانەدا بۆکاشیۆ دەستی‌کردە دانـــــانی دیکامیرۆن » . گوایه حەوت کچو سێ کوڕی فلۆرەنسەیی ئەو زانه لە یەکێك لە کڵێسەکانی شار یەکتر دەبینن‌و بڕیاردەدەن ملوەی دە ڕۆژ پێکەوه بچنه ڤیللایەکی قەراغ شار تا بەوجۆره می خۆیان بڕەوێنن(24) . لەوێ بۆ هەر شەوەی پاشایەك بۆ ەکەیان هەڵدەبژێرن ، هەر شەوەش دەبوو هـــەر یەکەیان ۆکێك بگێڕێتەوه که پاشا لە ســەرەتاوه باســـەکانی ردەکردن . هەر لەوەشەوه بۆکاشیۆ ناوی « دیکامیرۆن »ی چیرۆکەکانی هەڵبژارد که لە دوو وشەی یۆنانیی کـــۆن اتوومو پێکەوه مانای «یادداشتی دە ڕۆژه» دەگەیێنن(25). نووسەر « دیکامیرۆن »یان ناوناوه « هەزارو یەك شــەوەی رووپا » . وا پێ‌دەچێت بۆکاشیۆ کاتی خۆی چیرۆکەکانی هزارو یەك شەوه »ی خوێندبێتەوه که لە ڕۆژگاری شــەڕی چلەرانەوه کرابوونه لاتینی . بەپێی قسەی جاستۆن باری کتێبەیدا که ناوی ناوه « ئەدەبی فەرەنسیی ســــەدە نجی‌یەکان » لە ڕێگەی بۆکاشیۆوه ژمارەیەك لە چیرۆکـــه هەڵاتی‌یە باوەکان گـــــەیشتوونەتە دەســــــت رووپایی‌یەکان(26) .

چیرۆکەکانی « دیکامیرۆن » کورتن ، تێکڕا یەکی شــەش وت لاپەڕە دەبن ، هەریەکـــەیان پێشـــەکی‌یەکی کورتی ەڵدایەو هەموویان بە زمانێکی یەکجار پاراوو ناسکو بەهێزو سەر بنچینەی دیالێکتی تۆســـکانی داڕێژراون‌و تــاوەکو ڕۆکەی ئێمەش سەرنجی خوێنەران ڕادەکێشن . بـــەلای رمزایانەوه « دیکامیرۆن » دەوری لە داڕشتنی زمانی ئەدەبیی کرتووی ئیتالیدا تەنانەت لە « کۆمێدیای یەزدانی »ی دانتێ‌و هەمەکانی پێترارکیش زیاتر بووه . ئەوانه بەسەر یەکـەوه گەی یەکەمن که جیۆڤانی بۆکاشیۆ لە گێڕاوی ســـــەدەی لردمینا ورەی بەرنەداو چـــاك لـــه ئەرکەکانی قۆناغ

تێ‌گه یشتو بەوجۆره ڕێگەی ڕاستی خزمەتی گەلو نیشتمانی گرتە بەرو چووه خانەی بەرزی نەمرانەوه .

فۆلکلۆرو حەکایەتی باوی ناو خەڵکی سادەو ســــاکاری ئیتالیاو فەرەنسەو داستان‌و ئەفسانەی ڕۆمان‌و یۆنانەکان‌و چیرۆکە بلوە ڕۆژهەڵاتی‌یەکان ســـــەرچاوەی « دیکامیرۆن »ن . بۆکاشیۆ زۆر هونەرمەندانە ئەو کەرەستە ڕەسەنەی تێکـــەڵ بە باری ژیانی ئەوسای ئیتالیا کردووەو وەستایانه هەوڵی‌داوه تیماری بیماری‌یەکانی کۆمەڵی پێ بکات . قارەمانەکـــــانی « دیکامیرۆن » نموونەی هەموو دەستەو چینەکانی کۆمەڵن ــ له پاشاو میرەوه تاوەکو بازرگان‌و قەشەو ڕەبەن‌و ئینجا خـەڵکی سادەو ساکار ، له کورت‌بینەوه تاوەکو دووربین ، لـــه تەپۆو نەفامەوه تاوەکو زاناو دانا ــ .

چیرۆکەکانی « دیکامیرۆن » زۆر بەرز خۆشەویستی وەك دیاردەیەکی ڕەوای ژیان دەنرخێنن ، ئەوەی بە هیچ جۆر لەگەڵ سەرنجی ئەوسای کڵێسەو ژیانی ڕەبەنیدا نەدەگونجا . لـەو قوژبنەوه جیۆڤانی بۆکاشیۆ وێنەیەکی دڵفرێنی ژیانمـــان بۆ دەکێشێت ، بێ‌بەزەیی فەلەقەو دارکاریی ئەوکەسانە دەکات که مانای بەرزی خۆشەویستی دەشێوێنن .

هەمان‌کات خاوەنی « دیکامیرۆن » سەرکەوتووانە بـــه شێوازێکی نوێ هەوڵی‌داوە لە ڕێگەی پلارو توانجی بـــەجێ‌و نموونەی پڕماناوه دوو پەڵە هەوری ڕەشی ئاسمانی ڕۆژگـاری خۆی بڕەوێنێتەوه که بووبوونە هۆی کوێرکردنەوەی گەلێـك ڕاستی‌و هێزی بزوێنی ژیان . یەکەمیان پێوەندی بە نرخاندنی مرۆڤەو دووەمیان پێوەندی بە کۆتەکانی کڵێسەوه بوو .

له « دیکامیرۆن »دا کەم لایەنی‌تری ژیان بەڕادەی نرخی مرۆڤ سەرنجی بۆکاشیۆیان ڕاکێشاوه . لــــه زۆربـــەی چیرۆکەکانیدا دەیەوێت تێمان‌بگەیێنێت که نرخی مرۆڤ وا له خۆیدا نەك له وەجاغو بنەچەو خێڵ‌و خێزانیدا ، بۆ پێکانی ئەو نیشانه بەرزە جیۆڤانی بۆکاشیۆ وەك هونەرمەندێکی بەدەسەڵات لەگەڵ خۆیدا دەتباتە ناو ناخی دەروونی قـارەمانەکانی‌یەوه ، هەموویانت بۆ ڕووتو قووت دەکاتەوه ، ئەمیان لـــە بـەرگی ڕازاوەی ئاوریشم‌و ئەویان لە جلە شڕی حەوت ساڵەو ئینجا دەیانخاتە ژێر نەشتەری یەکالا کردنەوەوه ، وات لێ دەکات پڕ بەدڵ بە میرێکی گێل یا بە بازرگانێکی چاوبرسی پێ‌بکەنیت‌و بەوڕادەیەو ، بگرە زیاتریش ، ڕێزی کوڕە شـــوانێکی زیرەك بگریت . زۆر جار دوای پەت‌پەتێنێکی باش سەر بە پاشـاو میرو دەسەڵاتداره وەجاغزادەکان شۆڕدەکات ، کـــەڵکەڵەی سەفەری هاتو نەهات دەخاتە کەلەیانەوەو بە دەستی بەتـاڵ دەیانگێڕێتەوه ناو کۆشك‌و تەلارە ڕازاوەکانیان ، یا بە ئاسـانی دەیانکاتە مەخسەرەی یەکێك لە نۆکەرە زیرەك‌و وریاکانیـان .

هەموو جارێکیش تەنها ڕاستیو دڵسۆزی سەردەخات ئەگەرچی لە ڕێگەی بە قوربانی کردنی جووتێك شۆخیشەوە بێت. ئەوەتا جیسمۆندی کچی تانکریدی پاشای سالێرنۆ دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی جیسکاردۆوە کە یەکێك بوو لە پاسەوانە نەوەجاغزادەکانی باوکی ، جیسمۆندی شاکچ بە دەیان میرو ئاغاو بەگی قۆزو دەسەڵاتداری دەبینی کە هەموویان لە خوایان دەویست پێیان قایل بێت ، بەڵام کەس وەك جیسکاردۆ تەلی دڵی نەهەژاند ، چونکە نەك هەر لاوێکی شۆخ بەڵکە زیرەکو وریاو خاوێنو دڵپاکو دڵسۆزیش بوو . کە پاشای باوکی لە ڕقانا جیسکاردۆی نەدارو نەناسراوی کوشتو لە جامێکی زێڕیندا دڵی بۆی نارد ، جیسمۆند دوای ئەوەی هەر لەوجامەدا ئەو ژەهرەی ئامادەی کردبوو خواردیەوەو بەرلەوەی چاوە گەشەکانی لێك بنێت ڕووی دەمی کردە پاشای باوکیو پێی‌گوت :

باوکی بەڕێزم ! ئێمە هەموومان بەرهەمی یەك دەستو یەك کەرەستەین .. چاکەو ڕەوشت جیاکەرەوەی یەکەمی مرۆڤن یاسا با ئەوەی لەیادکردبێت ، بەڵام سروشت هەرگیز لەیادی‌ناکات ... باوکی بەڕێزم گەر بە سەنگی ڕەوشتو چاکە ئەوانەی دەوروبەرت بکێشیت دەبینیت کەسیان ناگاتە قولەپێی جیسکاردۆ ... هەژاری ، باوکی بەڕێزم، لە سامانو پارەو پوول بێ‌بەریمان دەکات، بەڵام ناتوانێت دەست بۆ ئابڕومان ببات !.

بۆ ئەوساکەی ئەورووپا کە سەنگی تەرازووی کێشانی مرۆڤ تێیدا وەجاغو بنەچە بوو ، کە هەر ڕۆژەی نەونەمامێك لە قوژبنێکیدا دەبووە پوشووی ئاگری یەکێك لە دەسەڵاتداران، کە گەورەترین زاناو ئەدیبی « بێ‌ئەسڵو فەسڵ »ی مافی نەبوو بیر لە کچە تەپۆیەکی میرزادە بکاتەوە ، یا دەست بۆ هەندە کارو فەرمانێك بەرێت کە تەنها لایەقی خۆی بوون ، بۆچوونە وردەکانی جیۆڤانی بۆکاشیۆ دەسکەوتی گەورەو تێگەیشتنی دروستی ئەرکەکانی قۆناغ بوون ، مەرجێکی بنەڕەتیی پێویست بوون بۆ ئازادکردنی مرۆڤ لە تەوقە دەسکردە ناهەموارەکانی کۆمەڵ ، دیارە بێ‌ئەوانەیش بەرەوپێش‌بردنی گەلو ڕزگارکردنی نیشتمان لە کێشە کوشندەکانی کارێکی مەحاڵ بوو .

هەر بەوجۆرە شێوازەش بۆکاشیۆ کڵێسەو پیاوە چاوچنۆکەکانی لە « دیکامیرۆن »دا ڕیسوا کردووە ، بەشێك لە چیرۆکەکانی ئەو شاکارە قەشەو ڕەبەنەکانی بۆ هەڵواسیواینو ئابڕووی ڕەفتارە ناشرینەکانیانی بۆ بردووینو بیری دواکەوتوویانی بۆ خستووینەتە سەر ساجی عەلی ، خوێنەر پڕبەدڵ پێیان پێ‌دەکەنێتو هەستدەکات چۆن ڕۆژی ئەو فێڵبازانە لەسەر دەستی بۆکاشیۆو مامۆستاو هاوەڵو شاگردەکانیدا دەستی‌کردۆتە ئاوابوون ، لەو چیرۆکانەی « دیکامیرۆن »دا بۆکاشیۆ پێماندەڵێت ئەوانەی دەیانەوێت ڕێگەی ڕاست نیشانی خەڵك بدەن دەبێت بەر لە هەموان بیر لە خۆیان بکەنەوە تاوەکو ببنە نموونەو قسەیان بە فیڕۆ نەڕوات ، پێی‌وایەو ڕاستیش دەکات ، کە نابێت کەس قسەی ئەو مێزەر بەسەرانە بە پوولێك بکڕێت کە بۆ خۆیان دەقاودەق دیوی ئاوەژووی فەرمایشتەکانیانن . بەشی ئەو جۆرە کەسانە لە کۆتایی چیرۆکەکانی « دیکامیرۆن »دا هەر ژێرکەوتنە چونکە لە ژیاندا دەبێت هەر چاکە سەرکەوتوو بێت ، خۆ ئەگەر بەهۆی زەبری زۆرداڕانەوە بۆ ماوەیەك وا ڕێك‌نەکەوت ئەوا چاکەکە دەبێتە نموونەو بە نەمری دەمێنێتەوە .

« دیکامیرۆن »یش وەك « کۆمێدیای یەزدانی » یەکێکە لە شاکارە نەمرەکانی ئەدەبی جیهانی، بەڵکو تا ئیمرۆکەش ژمارەی خوێنەری ئەویان گەلێك لە هی ئەمیان زیاترە(27) . « دیکامیرۆن » یەکەم جار ساڵی 1471 بە زمانی ئیتالیایی چاپ‌کرا ، بەڵام تائێستە سەدان‌جار بە ئیتالیاییو بە هەموو زمانە پێشکەوتووەکانی جیهان چاپ‌کراوەتەوە . بەدەگمەن لە ئەورووپا کتێبخانەیەکی تایبەتی هەڵدەکەوێت دانەیەك لە « دیکامیرۆن »ی تێدا نەبێت .

دەبوو بۆکاشیۆش وەك دانتێی ڕەهبەرو پێترارکی مامۆستاو هاوڕێی دروست بۆ هەموو مەبەستەکانی نەچێت ، ئەویش ، وەك ئەوان ، کوڕی ڕۆژگاری خۆی بوو ، نەیدەتوانی خۆ لە هەموو داوەکانی کۆمەڵ ڕزگار بکاتو بەوردی لە قووڵایی گشت هێزە بزوێنە نەبینراوەکانی تێ‌بگات ، لەبەرئەوە هیچ سەیر نی‌یە خەریك‌بوو بڕوای بۆکاشیۆ بە ژیان کەمێك بلەقێت ، بەر لە کۆچی دوایی بە ماوەیەك پێترارك نەبوایە لەوانەبوو دەست لە نووسینیش هەڵبگرێت .

جیۆڤانی بۆکاشیۆ دواساڵەکانی ژیانی بۆ کاری زانستیو نووسینی بەرهەمی مێژوویی تەرخان‌کرد . هەر لەوساڵانەشدا بوو کە دەستی دایە تۆژینەوەی بەرهەمەکانی دانتێو تا کۆچی دوایی کرد فریاکەوت حەڤدە لە سروودەکانی « کۆمێدیای یەزدانی » لێك‌بداتەوەو یەکەم کتێب دەربارەی ژین‌نامەی خاوەنیان دابنێت .

ڕۆژی 21ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1375 جیۆڤانی بۆکاشیۆ لە چێرتاڵدۆی نزیك فلۆرەنسە چاوی لێك‌ناو بووە نموونەیەکی بەرزی‌تری ئەو ئەدیبانەی چاك لە ئەرکەکانی قۆناغ

تێدەکەنو دلسۆزانە خزمەتی گەل و نیشتمان دەکەن ، ئەوانەی هەمیشە ناویان بە زیندوویی دەمێنێتەوە .

— ماویەتی —

پەراوێزەکان :

1 — پاش دوو ساڵ پێترارك لە شاری ناریتسۆ لە دایك بوو .

2 — لەژێر فشاری پاشایانی فەرەنسەدا پاپایانی کلێسـەی کاتۆلیکی ناچاربوون لە مانگی مارتی ساڵی 1309وە تاوەکو مانگی کانوونی دووەمی ساڵی 1377 بێ لە سێ سـالی نێوان 1367و 1370 لەبریتیی ڕۆمای ئیتالیا شـاری ئەڤینیۆنی فەرەنسە بکەنە مەلبەندی خۆیان ، ئـەو ساڵانە لەمێژوودا بە « دیلیی ئەڤینیۆن » یـا « دیلیی بابل » ناودەبرێن .

3 - R. Weiss, The spread of Italian Humanism, London, 1964, pp. 24 - 26.

4 - M. L. Bush. Renaissance, Reformation and the Outer World, London, 1964 pp. 151 - 152.

5 — وەك لە بەشی یەکەمدا باسمانکرد ئەوبـا هـەموو ڕووناکبیرانی ئەورووپا لاتینییان دەزانی .

6 — مەبەست (Humanisma) ە کە لە (Humanitas) ی لاتینیو ئەویش لە (Homo) وە وەرگیراوە کە مانـای مرۆڤە .

7 — ول دیورانت ، قصة الحضارة ، الجزء الاول من المجلـد الخامس (18) ، ترجمة محمد بدران ، الطبعه الثانیه ، القاهرة ، 1967 ، ص 7 .

8 — ا . ا . جوبێر ، فرانچێسکۆ پێترارك ، « مێـژووی جیهان » ، بە زمانی ڕووسی ، بەرگی سێیەم ، مۆسکۆ ، 1957 ، ل 625 .

9 — بە کەمێك دەسکارییەوە وەرمگێراوە .

10- R.S. Hoyt, Europe in the Middle Ages, London, 1957, p. 594.

11- Cola di Rienzo.

12— دەوروبەری کۆتایی ساڵی 1354 ناحـەزانی کۆلا دی ڕیێنزۆ زەفەریان پێیبردو کوشتیان .

13— کورتەی ژیننامەی خۆیەتی .

14— دەربارەی سەرکەوتنی ئەسکیپۆی ئەفەریقاییە بەسەر هانیبالی ناودارداا ، ئەو سەرکەوتنەی کاتی خۆی ڕزگاری بۆ ئیتالیا هێنا .

15— دەربارەی ڤێرجێل بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم وتارە .

16— مەبەست لە ئیمپراتوریی پیرۆزی ڕۆمانی (الامبراطورية الرومانية المقدسه) ئەو دەوڵەتە فراوانەی سـەدە ناونجییەکانە کە ئەڵەمانیاو بەشێك لە ئیتالیاو خـاکی چیكو سویسرەو هوڵەندەو بەلچیکـاو لۆکسەمبورگو چەند هەرێمێکیتری ناوەندی ئەورووپای پێکەوە بەستبوو (ساڵی 962 ئۆتۆی یەکەمی پاشای ئەڵەمانیا دایمەزراند). پاش چەند سەدەیەکی کەم ئیمپراتۆریی پـیرۆزی ڕۆمانی بووە دەزگایەکی بێدەسەڵات ، هەرچەندە بەنـاو تاوەکو ساڵی 1806 مایەوە . لە سەردەمی ڕینیسانسدا ڕۆژی ئیمپراتۆریی پیرۆزی ڕۆمانی تەواوبووبوو .

17- De Contemptu Mundi .

18- R. Weiss, op. Cltfl, p. 29.

19— تاوەکو ئێستە ڕۆژی لەدایكبوونی نەزانراوە .

20— دایکی ماریا یەکێك بوو لە دۆستەکانی پاشای ناپۆلی .

21— لە ئاگرەوە ، فیامێتا بچووككردنەوەی نازداریی کلپـەی ئاگرە .

22— ساڵی 1333 نەخۆشیی ڕشانەوە سەرتاپای چینی گرتەوەو لە ڕێگەی چینەوە چەند ناوچەیەکیتری ئاسـیا خراپ تووشی هاتن ، بەهۆی کێچو مشکی ناو ئەو کەشتییانەی کەلوپەلی بازرگانیی ڕۆژهەلاتیان دەهێنایە ئـەورووپا ، ئیتالیاو ژمارەیەك وڵاتیتری ئەو کیشوەرەش دەوروبەری ساڵی 1348 هەمان نەخۆشییان تیا بلاوبۆوە .

23— بۆ درێژەی ئەو باسە بڕوانە :

ول . دیورانت ، قصة الحضارة ، الجزء الاول من المجلد الخامس (18) 1967 ، ص 52 — 55

E. Peters, Europe. The World of the Middle Ages, New Jersey, 1977, pp. 527 - 528.

24— بۆکاشیۆ ناوی فامێتای خۆشەویستی بۆ یەکێك لـەو کچانە هەڵبژاردووە .

25- Deka hemeral.

26— بڕوانە : محمد مفيد الشوباشی ، رحلة الادب العربی الی اوروبا ، القاهره ، 1968 ، ص 126 — 127 .

27— دیارە ئەوە لـــە پایەی بەرزی « کۆمێدیای یەزدانی » کەمناکاتەوە ، تەنها ئەوەندە هەیە تێگەیشتنی ناوەرۆکی ئەو زۆر لە « دیکامیرۆن » زەحمەتترە .